بەناوی خوداوەندی بەخشندەی میهرەبان

# تێکۆشان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

بۆ گەیشتنی گەلی کوردستان بە مافە رەواکانی و
رووخانی رژیمی ئاخوندی و دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراتی و پارلمانی تێدەکۆشین

دەورەی دووهەم، ساڵی بیست و سێهەم، ژمارە «١٢٥» ٣١ی پووشپەڕی ٢٧٠٧ی کوردی، ١٣٨٦ی کۆچی خۆری، ٢٢ی جولای ٢٠٠٧ی زایینی

## بەرێز بێ ١٨ی پووشپەر یادی راپەرینی خوێندکاران



سالّی ١٣٧٨، ساڵێك بوو کە نارەزایەتی خەڵکی ئازادیخواز لەبەرانبەر دەسەڵاتی ملهوری ویلایەتی فقیّ بە شێوەییێکی بەرین و کەم وێنە سەری هەڵدا، بە تایبەت خوێندکاران لەشارە جیاجیاکانی ئێران بە تێکڕا و لەپێشیانەوە، خوێندکارانی دانشگاکانی تاران، لەبەرانبەر سیاسەتی دژمنکارانەی دەسەڵاتدارندا، راوەستان و یەکێك لەگرینگ ترین راپەرین و بە گژداهاتنەوەکانیان لەبەرانبەر رژیم دا نیشان دا.

راپەرینی خوێندکاری لە ١٨ی پووشپەری ١٣٧٨ لەتەواوی ئێراندا دەنگی دایەوە و ناوەندە هەواڵدەرییە جیهانی و ناوخۆییەکان راپۆرتیان لەو پێوەندیە دا بڵاو کردەوە. هەر چەندە دەسەڵاتداران هەوڵیان دەدا، رێگە لە بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەو نارەزایەتیانە بگرن، تەنانەت لەو پێوەندیە دا، موبایل و تەلەفوونی ناوچەکانی دەوروبەری دانشگایان بریبوو.

هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیم و لیباس شەخسیەکان بە شێوەییێکی بەربڵاو لە دەوروبەری دانشگای تاران جێگربوون، بە هەڕەشە و سەرکووتی خوێندکاران هەوڵیان دەدا، ئەو نارەزایەتیانە بێ دەنگ کەن، تەنانەت بۆ ماوەییێك(کووی) دانشگای تارانیان داخست و رێگەیان نەدەدا خوێندکاران هاتووچووی دانشگای تاران بکەن.

بێ گومان راپەرینی خوێندکاری ١٨ی پووشپەر نوقتە گۆرانێکی گرینگ بوو لەخەبات و رووبەرووبوونەوەی جەماوەر و لاوان لەبەرانبەر رژیمی ئاخوندیدا، بە تایبەت ئەو راپەرینە لە ناوەندی شاری تاران و لە دانشگاکان و لەزۆربەی شارەکانی ئێراندا وای کرد، دەسەڵاتداری ئاخوندی هەست بە مەترسییێکی گەورە بکات. هەر بۆیەلە هشتەمین ساڵیادی ئەو رۆژە پیرۆزەدا، دەسەڵاتداران و هێزە ئەمنیەتیەکان کەوتنە خۆ تا رێگە لە سەرهەڵدانی راپەرینی خوێندکاری بگرن و نەهێڵن خوێندکاران یادی ئەو رۆژە گرینگە بەرز راگرن. رۆژنامەی حکوومی ئیعتماد لەژمارەی ١٨ی پووشپەر دا نووسیویە: کووی دانشگای تاران لەسەروبەندی رۆژی ١٨ی پووشپەر دا بۆ ماوەی ١٠ رۆژ دادەخرێ.

سەرەڕای زەبر و زەنگی هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیم لەبیرەوەری ١٨ی پووشپەر و بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدانی ئەو رۆژە خوێندکارانی دانشگای رازی کرمانشان کۆبوونەوە و یادی ئەو رۆژەیان بەرز ڕاگرت، هەروەها خوێندکارانی شاری تەبرێز، سەڕای ئامادەباشی هێزەکانی رژیم کۆبوونەوەیان وەرێ خست و یادی رۆژی ١٨ی پووشپەر و راپەرینی خوێندکارانیان بەرز ڕاگرت. لەتارانیش خوێندکاران لە دانشگای پۆلی تەکنیك کۆبوونەوەێکیان وەرێ خست کە زۆری نەخایاند کەوتنە بە پەلاماری هێزە سەرکوتگەرەکان و چەند کەسێکیان لێ گیرا، هەروەها لە پارکی لالە، کۆبوونەوەی خوێندکاران و لاوان کەوتە بەر پەلاماری هێزە بە ناو ئەمنیەتیەکان.

سەرکوتی بەردەوامی رژیم نەیتوانی ورەی پۆڵایینی خوێندکاران و لاوان بروخێنێ و ورەبەرزی و لەسەر هەستی یان و راپەرینی ١٨ی پووشپەری ١٣٧٨ کۆتایی بە چاوەروانی هێنا و خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و خوێندکارانی بە گەیشتن بە ئازادی هومێدوار کرد. لەبەرانبەریشدا دەسەڵاتی ئاخوندی کە بەردی بناغەی لەسەر زۆر و ملهوری و چەوساندنەوەیە، پێی وابوو دەتوانێ بەسەرکوت و چاو مۆر کردنەوە لەبەرانبەر خوێندکاران و جەماوەر دا، درێژە بە دەسەڵاتی ستەمگەرانەی بدا، ئەمجار حاڵی بوون، کە خەڵکی وەزاڵەهاتوو و خوێندکارانی وریا و ئاگادار و وشیار رێگە نادەن ستەم و ملهوری دەسەڵاتداران تاسەر درێژە بکێشێ.

بەرز و بەرێز بێ، یاد و بیرەوەری ١٨ی پووشپەر

درود بۆ خوێندکارانی ئازادیخواز کە لەزیندانەکانی رژیمی ئاخوندیدا، بە خۆراگری لەبەرانبەر ستەم و ملهوری دەسەڵاتداران و جەلادەکانیان وێستاونەوە.

## وریایی دانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئەگەری رووداني شەڕێکی ناوچەیی



سەروکی هەریمی کوردستان کاك مەسعود بارزانی لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤیزیۆنی دا سەبارەت بە هەڕەشەکانی تورکیە لەسەر بەزاندنی سنوور و ئەنجام دانی کردەوەی سەربازی لە هەرێمی کوردستان، گووتی: ئەگەر هاتوو تورکیە هێرش بکاتە سەر هەرێمی کوردستان ئەوە لە عێراق بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی بەرگری لەخۆمان دەکەین و بەرەورووی دەبینەوە. بارزانی لە میانەی سەردانی بۆ ژنێڤ لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤیزیۆنی(یۆرۆ نیوز) دا، گووتی: هێندێك جار تورکیە هەڕشە لە ئێمە دەکات، بەڵام ئێمە باوەرمان بەوە هەیە کە دەکرێ کێشەکان لە رێگەی گفتوگۆ چارەسەر بکەین.

بەرێزیان گووتی: ئەگەر بێتوو تورکیە هێرش بکاتە سەر هەرێمی کوردستان بە هەر بیانوویێك ئەوە کارەساتێکی گەورە روودەدات، چونکە زیانێکی گەورە بە ناوچەکە دەگەێنێت، بە تایبەتی بۆ عێراق و تورکیە و ئەگەری گەورە بوونەوەی شەرێکی ناوچەیی هەیە.

لە وەڵامی پرسیارێك سەبارەت بەوەی کە ئایا تەنیا کوردەکان لە عێراق سەبارەت بەو هەرشانەی تورکیە نیگەرانن، سەرۆکی کوردستان وەڵامی دایەوە ، هەموو عێراقیەکان لەبەرانبەر پیشێلکردنی سەروەری وەڵاتەکەیان نیگەرانن.

## ئاشکرا بوونی تۆڕێکی سەر بە هێزی قودسی سوپای پاسدارانی رژیمی ئێران لە شارۆچکەی سەدری بەغداد



هێزی ئەمریکا رۆژی ١٤ی پووشپەڕ رایگەیاند، لە هێرشێکدا بۆ شارۆچکەی سەدر لە بەغداد، شەبەکەیێکی نهێنی کە چەك و تەقەمەنی لە ئێرانەوە دەهێنایە عێراق ئاشکرا کردووەو لە ناویان بردوون. لەو هێرشەدا چوار کەس لە میلیشیاکان کوژراون و ٦ کەسی دیکەیان کە پێوەندیان بە هێزی قودسی سوپای پاسدارانەوە بووە و کەل و پەلی بۆمبە بەهێزەکانیان دەهێنایە عێراق گیراون.

لە ڕاگەیندراوی هێزی سەربازی ئەمریکادا هاتووە، ترۆریستەکان لەگەڵ فەرماندەکانی تۆڕە نهێنیەکان پێوەندیان هەبووە. هاوکات لەگەڵ ئاشکرا بوونی ئەو تۆڕە نهێنیە، هەواڵدەری فەرانسە رایگەیاند، رۆژی پێنج شەممە دوو سەربازی ئەمریکایی لە عێراق بە هۆی بۆمبە بەهێزەکانی دروست کراوی ئێران کە تانکیش لەناو دەبەن، کوژراون.

ئەو هەواڵدەریە رایگەیاند، فەرماندەکانی هێزی فرە نەتەوە چەندین جار رایانگەیاندووە کە رژیمی ئێران، بۆمبی بەهێز بۆ چەکدارەکان لە عێراق دەنێرێ، بە ووتەی ئەو سەرچاوانە، پارچەکانی ئەو بۆمبانە بە قاچاخی لە سنوورەکانەوە دێتە عێراق و دەگاتە دەست چەکدارەکان.

## خۆپیشاندانی خەڵکی شاری سنە بۆ هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئێعدامی تازە لاوێکی تەمەن ١٧ ساڵ

رۆژی سێ شەممە ٢٦ی پوشپەر سەدان کەس لە خەڵکی شاری سنە و دێ کانی دەوروبەری، بە وەرێ خستنی تەزاهوورات لە بەرانبەر دادگوستەری ئەوشارە، داوای هەڵوەشاندنەوەی حوکمی لە سێدارە دانی لاوێکی ١٧ ساڵە بوون.

لەو خۆپیشاندانە کە لە سەر داوای "کومیتەی هەوڵدان بۆ رزگار کردنی گیانی موسلێحی زەمانی لە ئیعدام " لە شاری سنە بەرێوە چوو، هەڵسووراوانی ناوەندە مەدەنیەکان، بنەماڵەی موسلصح زمانی و سەدان کەس لە شاری سنە بەشدار بوون.

سەرەرای هەرەشەی مەئموورانی ئەمینیەتی و ئینتزامی رژیم، بەشدار بواونی ئەو تەزاهووراتە، چەندین سەعات درێژەیان بە کۆبونەوە و نارەزایەتیەکەیان دا.

## حوکمی ئێعدام بۆ عەدنان حەسەن پوور و هیوا بووتیمار بە توندی مەحکوم دەکەین





بە پێی هەواڵەکان، رۆژی سێ شەممە ٢٦ی پووشپەڕ دادگای رژیم لە شاری سنە، حوکمی ئێعدامی بۆ عەدنان حەسەن پوور و هیوا بووتیمار دەرکرد.

رژیمی جینایەتکاری ئاخوندی هیچ کات داوای خەڵك و ئازادیخوازانی، قەبووڵ نەکردوە بە هەڕەشە و بێ رەحمی لە بەرانبەریاندا هەڵوێستی گرتوە.

لاوانی شەرافەت مەند و ئازادیخواز لە ئێران و کوردستان لەگەڵ شکەنجە، هەڕەشە و مەرگ رووبەروون، کە بە پەرە گرتنی ئارەزایەتی جەماوەریی و راپەڕینەکانی لاوانی نیشتمان پەروەر و شۆڕشگێڕ، رژیمی ئاخوندی و دەسەڵاتدارانی بۆ بەرەنگار بوونەوەیان بە سەرکوت و کوشت و بڕی لاوان هەوڵ دەدا رەوتی رووەو لە ناوچوونی بوێسستێنێ و کۆتایی بە نارەزایەتیەکان و ڕاپەڕینی جەماوەریی بێنێ.

حوکمی ئێعدام بۆ عەدنانی حەسەن پوور و هیوا بووتیماریش لەو پێوەندیەدایە و دەسەڵاتدارانی رژیم مەبەستیانە بە ئێعدامی تێکۆشەران و هێنانە مەیدانی ترس و هەڕەشە، لاوان و خەڵك لە درێژەدان بە نارەزایەتی و رەخنە لە دژی دەسەڵاتی ئاخوندی بگێرنەوە.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، حوکمی ئێعدام بۆ عەدنان حەسەن پوور و هیوا بووتیمار بە توندی مەحکوم دەکا و هەر لەو پێوەندیەدا لە ناوەندە نێو نەتەوەییەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ داوا کارە بۆ رزگاری گیانی عەدنان حەسەن پوور و هیوا بووتیمار هەنگاوی بە پەلە هەڵ گرن.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران
٢٧ی پووشپەڕی ١٣٨٦

## ڕاپەرینی سەراسەری لە تاران و ناوچەکانی دیکەی ئێران لە سەر جیرە کردنی بەنزین

لە دوای دەست پێ کردنی جیرە کردنی بەنزین، خەڵکی تاران و باقی ناوچە و شارەکانی دیکەی ئێران، لە دژی رژیم و دەسەڵاتدارانی ڕاپەرین و ژمارەیێك لە بەنزینخانەکان و بانکەکانیان ئاوردا.

هێزەکانی رژیم بە گازی فرمێسك رێژ هێرشیان کردە سەر خەڵك و هەوڵیان دا خەڵکی تووڕە و نارازی بێ دەنگ کەن، بەڵام خەڵکی بە گیان گەیشتوو لە گەڵ هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیم تێك هەڵ چوون و درێژەیان بە نارەزایەتی دا.

بە پێی ڕاپۆرتەکان شەڕ و تێك هەڵ چوونی خەڵك لەگەڵ هێزە ئینتزامی و ئەمنیەتیەکانی رژیم، چەندین کوژراو و دەیان بریندار بە دواوە بووە.

لە ئازەربایجانی غەربی، مازەندەران، خوراسان، خوزستان، ئیسفەهان، بەنزینخانەکان کەوتوونەتە بەر هێرشی خەڵك و ژمارەییێکیان ئاور دراون.

بە پێی ڕاپۆرتەکان دەسەڵاتداران هەوڵ دەدەن ڕاپەڕین و نارەزایەتی خەڵك کۆتایی پێ بێنن، تەنانەت لەو پێوەندیەدا ژمارەییێك لە بەرپرسانی رژیم بەڵێنیان داوە تا رێگە چارەییێك بۆ کەم بوونەوەی بەنزین بدۆزنەوە. بەڵام نارەزایەتی خەڵك لە دژی رژیمی ئاخوندی بە ڕادەییێك بەرین و هەمە لایەنەیە کە ژمارەییێك لە هەواڵدەریە خارجیەکان، ئەو ڕاپەرین و نارەزایەتیانە بە سەرتای ڕاپەرینی خەڵکی ئێران لە دژی ئیستبدادی ئاخوندی دەناسێنن.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، درود دەنێرێ بۆ خەڵکی رەنج دیتوو و ئازا لە سەرانسەری ئێران و ڕاپەرین و نارەزایەتی ئەوان لە دژی دیکتاتوری ئاخوندی بە چارەنووس ساز دەزانێ و باوەڕی وایە ئەو ڕاپەرینە، ئاخوندەکان ناچار دەکا لە بڕیارە دژی خەڵکیەکانیان پاشەکشە بکەن.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران
چوارشەممە ٦ی پووشپەڕی ١٣٨٦

تا ستەمم لەسەرە ڕێی خەباتم لەبەرە